راگەیاندن

# دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سەراسەری بۆ ناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردوستان

ئێمە وەك بەشێك لەکەسوکاری قوربانییان وخەڵکی ناوچەکیمیاباران کراوەکانی کوردستان، کەلە خوارەوە ناومان هاتووە، لەبارەگای ڕێکخراوی WADI ئەڵمانی لەسلێمانی ڕێکەوتی 2009/ 11/20 کۆبوینەوە بە مەبەستی دامەزراندنی ڕێکخراوێك بۆبەدیهێنانی کۆمەڵێك ئاما نجی مرۆڤ دۆستانە.

مەبەستمانە لەداهاتوودا کاری خزمەتگوزاری وبەدواداچونی مەیدانی بۆ بارودۆخەکە بکەین و تاوانی کیمیابارانکردنیش وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی بۆخزمەتی گەلی کوردستان بەدنیای دەرەوە بناسێنین ، لە ڕێگەی کارکردنی چالاکانەتر بۆدەستنیشانکردنی گرفتە مرۆییەکان و کۆکردنەوەو دۆکۆمێنتکردنی هەموو ئەوکەل و پەلانەی لەقوربانیان بەجێماون یان ئەوبابەتانەی لەنوسین و لێکۆڵینەوەکاندا تۆمارکراون، گرتنەبەری هەوڵی زانستیانە بۆئەنجامدانی توێژینەوە لەسەرجەم بوارەکانی زانستی ومرۆیی، هەروەها ئاما نجمانە لەسەرئاستی ناوچەیی ونێودەوڵەتی لە پاڵ تاوانی ئەنفالدا بەکارهێنانی چەکی کۆکوژبکرێتە چەقی بەجینۆسایدناسادنی ئەوکردەوە کۆکوژیانەی لەساڵانی 1987-1988 لەم ناوچانەی ئێمەدا ڕویاندا بە پێی پرنسیپ ویاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەقەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ کەبەهیچ ڕیگەی بەکارهێنانی نەدراوە، هەروەها کاردەکەین لە پێناوسڕینەوەی کاریگەرییەکانی چەکی کیمیایی لەسەر ناوچە جیاجیاکان کەتا ئێستا دانیشتوانەکەی بەدەست شوێنەوارەکانیەوە بەمەینەتی دەژین ودڵنیانین لە پاکی ژینگەی ناوچەکانیان .

سوپاسگوزارین بۆکۆی ئەوکەسو لایەنانەی کاریان بۆ ئەم ئاما نجەکردوە، چ لەبواری ئاوەدانکردنەوەو بەهاناوەچونی مرۆیی یان پیشاندانی پاڵپشتی ونوسینی بابەت ولێکۆڵینەوە یاخود خزمەتکردنی کەسوکاری قوربانیان و یادکردنەوەی شەهیدەکانی کیمیاباران، بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەین هاوکاری هەر ڕێکخراو لایەنێك بین کە لەم بوارەدا خزمەتگوزارە.

لەدوای ئەم ڕاگەیاندنەوە ڕێ وشوێنی یاسایی دەگرینەبەر بۆ دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە لەدامودەزگا پەیوەندی دارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆبەفەرمی کردنی کارەکا نمان تا کارەساتی کیمیاباران وسەرجەم پرۆسەکانی دیکەی جینۆساید لەمێژوودا وەك مەینەتیەکانی گەلێکی جینۆسایدکراو تۆمار بکرێت ولەئێستاشدا پشگری نێوخۆیی ودەرەکی بۆ دروست بکەین . لەم ڕێگایەشەوە پەیامی ئاشتی دوپات بکەینەوەوهەوڵبدەین ببینە بەشێك لەهەوڵە سەرانسەریەکان بۆ قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان وبەکارهێنانی چەکی کۆکوژ لەجیهاندا .

سلێمانی 20-11-2009

ناوەکان

حمدأمین لاسە، توانا مصلح ( دۆڵی بالیسان )

زریان عبدالرحمن ( ڕواندوز / دۆلی ئاکۆیان )

هێمن عبدوڵلا ، هونەر سالار ( گۆپتە پە ).

حەسەن عەبدالکەریم، حسن مستەفا ( سێوسێنان )

ئاوات قادر، ئەکرەم عەلی حسیب ( دۆلی جافایەتی و شاربازێر ) .

دلاوەر حیدەر، قیصر رحمن ، فلاح مرادخان ( هەڵەبجەی شەهیدان )

عمر محمد ( چالاك لەبواری جینۆساید )

**بۆ پەیوەندی و زانیاری زیاتر:**

عومەر محەمەد

omerm2006@yahoo.com

07701520287